ناوخۆ شەهیدبوونی کارمەندێک لە هێرشێکی تاقیکردنەوەی چەکی بەسر هادگەیەنێت و8 داواکراو دەستگیر دەکات

ئەمڕۆ هەینی، وەزارەتی ناوخۆ، شەهیدبوونی کارمەندێک و بریندارببوونی 3ی تری ڕاگەیاند، دوای ئەوەی هێزێکی ئەمنی لە بەسرە ڕووبەڕووی تێقەکردنی ڕاستەوخۆ بوونەتەوە.

وەزارەتەکە لە ڕاگەیەندراوەکدا کە دەستی ئاژانسی موتەبع کەوتووە، ئاماژەی بۆ کردووە کە "بە خەم و پۆژارەیەکی زۆر و شانازییەکی مەزنەوە، هەواڵی شەهیدبوونی مفۆزی پاڵەوان (جەبار موازي عبيد جوهر البوصالح) ڕادەگەیەنین، کە یەکێکە لە کارمەندانی فەرماندەیی پۆلیسی پارێزگای بەسرە و لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکی نیشتمانیدا لە قەزای قورنە شەهید بوو، ئەمەش دوای ئەوەی هێزێکی ئەمنی لە کاتی هێرشکردنە سەر چەند تەمەتبارێکی دەسیەیەکی کوشتن کە پەیوەندی بە کۆشەیەکی کەنی عەشایەریەوە هەبوو، ڕووبەڕووی تێقەکردنی ڕاستەوخۆ بوونەوە."

ئاماژەی بۆشکرد: "شەهید هێوەستێکی پاڵەوانانەی تەمار کرد کاتێک خەریکی ڕاوەدوونانی یاساشکێنان بوو و گیانی خۆی فیدای ئاسایشی هاووڵاتیان و چەسپاندنی شکۆی دەوڵەت کرد"، ئاماژەی بۆش کرد کە "ئەم خوێنە پاکە بە نیشانی شانازی بە سنگی دامەزراوە ئەمنییەکانەوە دەمێنێتەوە و دەبێتە پاڵنەر بە بەردەوامبوون لە ڕێگەی توندی بەرامبەر هەر کەسێک کە هەوڵی تێکدانی سەقامگیری بدات."

ئەوەشی خستە ڕوو کە "ئەم هێرشە تاوانکارییە بووتە هۆی بریندارببوونی سێ کارمەندی فەوجی

فریاکەوتنی باکووری بەسرە ، دەستبەجێ گوازراونەتەوە بە یەکێک لە ناوەندە تەندروستییەکان بە وەرگرتنی چارەسەری پێویست، ئەستاش لە ژێر چاودێری پزیشکیدان و باری تەندروستییان جێگیرە، هاوکات فەرماندە پێیوەندیدارەکان بەردەوام بەدواداچوون بە دەخی تەندروستییان دەکەن."

ڕوونیشیکردەوە کە "وەک تەواکەری ڕێکارەکان، یەکێ ئەمنییەکان دەستیان کردووە بە هەڵمەتێکی فراوانی گەڕان و پشکنین لەو ناوچەیەی ڕووداوەکەی تێدا ڕوویداوە، کە بووە هۆی دەستگیرکردنی (8) تەمەتبار، لەنێویاندا چوار تەمەتباری سەرەکی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ تێوەگلابوون لە تاوانەکەدا، جگە لە دەستبەسەرداگرتنی چوار چەک و ئەتەمبێلێک کە بە هاتووچۆکردنیان بەکاریانهێنابوو"، ئاماژەی بەوەش کرد کە "ڕێکاری یاسایی بەرامبەر تەمەتبارەکان گیراوەتەبەر بە ئێوەی ڕێوانەی دادگای تایبەتمەند بکرێن."

وەزارەتی ناوخۆ بەپێی ڕاگەیەندراوەکە جەختی کردەوە کە "هەڵمەتەکە هێشتا بەردەوامە بە شوێنپێهەڵگرتنی هەر ئەندامێکی تری تێوەگلاو، و چاوپێشی لە هیچ کەسێک ناکەن کە هەرش بکاتە سەر هەزە ئەمنییەکان یان هەڕەشە لە ئاسایشی هاووڵاتیان بکات"، دووپاتیشیکردەوە کە "شکێی دەوڵەت و سەروەری یاسا لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە و وەڵامەکان توند و یەکلاکەرەوە دەبن بەرامبەر هەر کەسێک هەوڵی یاری کردن بە ئاسایش بدات یان چەک لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەت بەکاربهێنێت."